# له ئوستوورەوە بۆ زانست: مەرگ



یۆڤاڵ نوح هەراریی

و: سوورێن ئیبراهیم

**یادداشتی وەرگێڕ:**

یۆڤاڵ هەراریی زۆر جار وێنای زانستخوازێکی وشکی وا دەداتە خۆی کە خوێنەرەکانی نائومێد دەبن سەری ئەم زانستگەراییە وشکوبرنگە دەگاتە چ بنبەستێکی هێزەکانی تری ناو سرووشت و دنیای مانەویی نامادیی خودی مرۆڤ و سرووشتیش؛ لێ ئەو باسی ڕۆڵە واقعییەکەی ئەقڵ دەکات. بە کۆ لەم وتارەدا مێژووی تێڕوانینی مرۆڤی بۆ مەرگ لە دوو کەرتکی پلەڕیزدا چۆلپێچە داوە: تێڕوانینێکی دۆشداماوانە و پاساودەرانە بۆ مەرگ: «ستایشی مەرگ»، کە ڕامانی ئوستوورە و ئایینە، پاشان تێڕوانینی مرۆڤی لاپەرەسەن و خوازەلۆکی زیتەڵ، کە گەرەکێتی بە مەرگ بڵێ تۆ کۆتایی نیت، ئەم نیگایەش نیگای هەمان پاڵەوانی ئوستوورەیی دێرینە،

بەڵام ئەمجارە بۆ ڕاوەستانەوە نا لە پێش دەمی تەڵەزگەی کۆمەڵایەتیی و ڕامیارییدا؛ بەڵکوو بۆ وەستانەوە و یەکودوویەک لەگەڵ خۆی: لەگەڵ توانا ئەقڵییەکانی خۆی! لە لاوژەی گلگامێشدا کاتێ وەسفی گلگامێش دەکرێ وەک هێمای لەڕوووەستانەوەی مەرگ، پتر باسی بەهێزیی بازوو و دەسەڵاتی جەستەیی دەکات لە بەرانبەر ئاژەڵ و سرووستدا. لێ سەردەمی مۆدێرن چیرۆکەکە جۆرێکی ترە. یۆنگ دەیوت هۆش و ئاگایی مرۆڤ لە بنهۆش و ڕەمەکە ئاژەڵێنییەکان جیا بوونەتەوە و زۆر جاریش هەر بەپێی ئەو بنهۆشە تاریک و فرەئاڕاستەیە خۆی لە چوارچێوە دەدات، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ چینایەتیی دەوڵەتنەتەوە دێرینەکانی دۆڵی دووئاوان و میسرو و یۆنان. بە ڕەچاوکردنی ئەمە وەک بۆچوونێک، بەڵام گەر وابێ، ئەوا تۆ بڵێی ڕۆژێک نەیەت ئەم ئاگایی و هۆش و ئەقڵەی مرۆڤ لە خۆیشی جیا نەبێتەوە و وەک پەپوولەیەکی شووم مرۆڤ خۆیشی نەهاڕێ، چونکە لەنێو تنۆکتنۆکی ئاگاییدا خواستی سرووشتیی و ئاژەڵێنیی زڵتەی چاویان یەت، ئەم دووانە لێک جودا نین؛ بەڵکوو ناونشین و تەکولۆ لەنێو یەکدان. ئۆجەلان هەمان زانست و زانایی مۆدێرنی چواندبوو بە پەرەستگەی دەوڵەتنەتەوە دێرینەکانی پێش زاین، هەمان ئەو زانایانەی کە خودی هەراریی خۆی ساتمەیان لێ دەکات، ئۆجەلان پێی دەوتن کاهینەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی... سا، زانست لەوانەیە کۆتاییش بێت بەم ڕەنگە، کۆتایی زانین نا، کۆتایی مرۆڤ؛ چونکە هەراریی لە بەرانبەر تەکنەلۆژیای گۆڕاودا وا سەراسیمە ماوە، دەڵێی بڕوای بە دەرهاوژێییە نەستەکیی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ و هیچ سەنگەرێکی کۆمەڵایەتیی و سرووشتەکەی چواردەوری نییە بۆ ڕاپەڕین لە ڕووی ئەم شەیتانە ئاسنینە! وا باسی مێژووی گەسەندنی بیر و داهێنانەکانی مرۆڤ دەکات، وەک ئەوەی پێچکەیەک بێ بۆ گەیشتن بە سەرزەمینی ناکۆمەڵایەتیبوونەوەی خۆی...

## وتارەکە:

بەپێی دنیای مۆدێرن بێت مرۆڤ ڕایەی دەکەوێ مەرگ هەڵبفریوێنێ و بۆڕی بدات. ئەمە تێڕوانینێکی شۆڕشگێڕانەی هاوچەرخە. لە بەشێکی پانوپۆڕی مێژوودا، مرۆڤ دەستەپاچە خۆی ڕادەستی مەرگ دەکرد. تا کۆتاییەکانی سەردەمی مۆدێرن زۆرینەی

ئایین و ئایدۆلۆژیاکان مەرگیان نەک تەنیا پێ چارەنووس بوو، بەڵکوو بە واتای بنچینەیی ژینیان دەژمارد. گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی مرۆ پاش مەرگ دەستیان پێ دەکرد، تەنیاوتەنیا ئەو کاتە مرۆڤ پەی بە نهێنیی ڕاستینەی ژیان دەبرد؛ تەنیاوتەنیا ئەوکاتە بوو مرۆڤ ڕزگاریی جاویدانی چنگ دەخست یان ژانی نەبڕاوەی بۆ دەبڕایەوە. لە ژیانێکی نەبڕاوەدا، هەروەتر دوور لە بەهەشت و دۆزەخ و کراسگۆڕکێ[1]- ئایینەکانی مەسیحییەت و ئیسلام و هندۆس، هەڵۆڵ دەنوێنێن. لە بەشێکی زۆری مێژوودا شاڕامانی مرۆڤ واتابەخشین بووە بە مەرگ، نەک هەوڵ بۆ بەزاندنی.

لاوژەی گلگامێش و ئوستوورەی ئۆرفیوس و ئۆریدیس[2] و قورئان و ڤێداکان و پەڕتووکە پیرۆزەکان و چیرۆکەکانی تر، سەبوورانە بۆ مرۆڤی کۆڵەواریان ڕوون دەکردەوە کە ئێمە دەمرین؛ چون خوا یان گەردوون و دایکەسرووشت ئاوایان لەم نەخشی ناوچاوانە نووسیوە. باشترە خاکەڕا و پتەو مل بۆ ئەم چارەنووسە کەچ بکەین. ڕەنگە خودا ڕۆژێک بە دەستوێوەردانێکی بانسرووشتیی زاڵی وەک هەڵسانەوەی مەسیح، مەرگمان لە سەر هەڵگرێ؛ بەڵام گردەبڕ، پێکهێنانی شۆڕشێکی ئاوا لە بڕستی مرۆڤدا نەبوو.

جا سەرەی شۆڕشی زانستیی گەیشت. زاناکان پێیان وایە مەرگ چارەنووسێکی خوایی نییە، بەڵکوو کێشەیەکی هونەرییە، مرۆڤ بە فەرمانی پەروەردگار نامرن، بەڵکوو لە وای جۆرە کەموکورتییەکی هونەرییەوە ماڵئاوایی لەم ژینە دەکەن. دڵ چیدی خوێن هەڵناسووڕێنێ، شێرپەنجە جگەر سیسەڵ دەکات. ڤایرۆسەکان بە سییەکاندا بڵاوپژ دەبنەوە، چ شتێ بەرهۆی ئەم گشتە کێشە هونەرییەیە؟ لە کێشە هونەرییەکانی تر: دڵ لە لێدان دەوەستێ، چونکە ئۆکسجینی پێویست بە ماسوولکەکانی دڵ ناگات. خانەشێرپەنجەییەکان لە سییەکاندا ژاوە دەکەن، چونکە بە هەڵکەوت بۆهێڵگۆڕکێیەک ڕووی داوە. ڤایرۆسەکان لە سییدا دەنیشنەوە، چونکە کەسێک لە پاسدا دەپژمێ. هیچ دەستێوردانێکی بانسرووشتیی لە گۆڕێ نییە.

---

[1] دۆنادۆن

[2] ئۆرفیوس و ئۆریدیس: دوو خواوەندی ئوستوورەیی یۆنانیین.

زاناکان پێیان وایە هەموو کێشەیەکی هونەریی، ڕێچارەیەکی هونەریشی هەیە، بۆ بەزاندنی مەرگ نەیگەرەک چاوەنواڕی گەڕانەوەی مەسیح بین، بە دوو زانا دەتوانن لە تاقیگەیەکدا ئەم کارە ئەنجام بدەن. لە کاتێکدا شێوازە دێرینەکەی ڕووبەڕووبوونەوە لێل پرسی مەرگ کایەی کەشیش و بانگخوازە ڕەشپۆشەکان بوو، بەڵام ئێستا ئەو زانایانە ئەم کارە دەکەن وا ڕووپۆشی سپییان پۆشیوە و لە تاقیگەدا لێی دەتۆژنەوە. گەر نۆرەدڵێ بگرین، دەتوانین بە دڵەرزێن بیلەرزێنین، تەنانەت بیشیچێنین. گەر شێرپەنجە بگرین، بە چارەسەری کیمایی لەناو دەبرێ. گەر ڤایرۆس بۆ سییەکان دزە بکەن، دەتوانین بە دەرمان سڕیان بکەین.

مسۆگەر ئێستاکێ ناتوانین گشت کێشە هونەرییەکان چارە بکەین، لێ وا چنگەکرێی بۆ دەکەین. زۆربەی بیرمەندەکانمان کاتیان بە واتادان بە مەرگەوە ناکوژن، بە پێچەوانەوە خەریکی درێژکردنەوەی تەمەنن. ئەوان سەرقاڵی توێژینەوەن لە سیستەمی میکرۆبۆلۆژیک و و فیزۆلۆژیک و بۆماوەیی، کە بە هۆکاری نەخۆشیی و پیربوون دێنە هەژمار؛ ئەوان خەریکی داهێنانی دەرمانی تازە و شۆڕشگێڕانەن.

هەوڵی مرۆڤ بۆ درێژکردنەوەی تەمەن بە چەشنێکی بەرچاو سەرکەوتوو بووە. لە دوو سەتەی ڕابردوودا ئومێدی ناوەندیی بۆ ژیان لە کەمتر لە ٤٠ ساڵەوە بۆ ٧٢ ساڵ لە هەموو جیهاندا و پتر لە ٨٠ ساڵ بۆ هەندێ وڵاتی پێشکەوتوو، هەڵکشاوە. پێوەری مردنی منداڵان فرە زۆر داکشاوە. تا سەدەی بیست، لانی کەم، یەک لە سەر سێی منداڵان پێیان نەدەخستە تەمەنی گەورەیی، بە زۆریی تووشی نەخۆشییەکانی خوێنبەربوون و سوورێژە و ئاوڵە دەبوون. لە بەریتانیای سەدەی حەڤدەدا لە هەر ١٠٠٠ زارۆڵ نزیکەی ١٥٠یان لە ساڵی یەکەمدا دەمردن. ئاوا نزیکەی ٧٠٠ کەسیان دەگەشتە پانزەساڵیی. ئیمڕۆکە لە هەر ١٠٠٠ زارۆڵی بەریتانیا تەنیا پێنج کەس لە ساڵی یەکەمدا دەمرن. ٩٩٣یان دەگەنە تەمەنی پانزەساڵیی. لە سەرپاکی جیهاندا پێوەری مردنی زارۆڵان بۆ کەمتر لە پێنج لە سەد داکشاوە.

هەوڵی مرۆڤ بۆ خۆپاراستن و هەڵکشاندنی تەمەن وا سەرکەوتووە کە سەرتاپای جیهانبینییمانی هەڵگێڕاوەتەوە. ئاینییە دێرینەکان ژیانی دواییان بە چاوگەی سەرەکیی

واتادار دەزانی، لێ لە پاش سەدەی هەژدەوە، ئایدۆلۆژییەکانی وەک لیبراڵیزم و سۆسیالیزم و فێمینیزم، هەر بیریش لە ژیانی پاش مەرگ ناکەنەوە. هەنگێ کۆمۆنیستێک دەمرێ چی لێ بەسەر دێت؟ پاش مەرگ چ بە سەر سەرمایەدارێکدا دێت؟ فیمینیستێک چی لێ دێت؟ گەر بمانەوێ  وەڵامی ئەم پرسیارە لە نووسراوەکانی کارڵ مارکس و ئادەم سمس و سیمۆن دیبۆڤواردا هەڵێنجین، بێسوودە.

تاکە ئایدۆلۆژیایەکی مۆدێرن، کە هێشتانەکێش گرنگیی بە مەرگ دەدات، ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم، لە کاتی کلۆڵیی و هەڵچوونی هەستوسۆزدا، بەڵێنمان دەداتێ گەر هەرکێ لە ڕێی نیشتماندا گیانی ببەخشێ، تا هەتایە لە بیری گەلدا دەژی؛ لێ ئەم بەڵێنە ئەوەندە تەمومژاوییە کە زۆرینەی ناسۆنالیستەکانیش سەرەندەری لێ ناکەن. چۆنچۆنی لە بیری گەلدا «دەژین»؟ پاش مەرگ چۆن بزانین خەڵک ئێمەیان بیر ماوە یان نا؟ جارێکیان لە ودی ئاڵنیان پرسی ئایا پێی خۆشە بۆ هەمیشە لە یادی سینەمادۆستاندا زیندوو بمێنێتەوە؟ ئاڵن وتی: پێم باشترە لە ئاپارتمانەکەمدا زیندوو بمێنمەوە. تەنانەت جیهانبینیی گەلێ لە ئاینەکانیش گۆڕاوە. ئەم ئایینانە لەبری ئەوەی بەڵێنی بەهەشتیی ئەودنیاییمان بدەنێ، زوو زوو بەڵێنیی ئەمدنیاییمان دەدەنێ.

گەلۆ پەتا سەرتاپاگیرەکەی ئێستا تێڕوانینمان بۆ مەرگ دەگۆڕێ؟ بە ئەگەرێکی زۆرەوە نا؛ ڕێکاوڕێک بە پێچەوانەوە. ڕەنگە کۆڤید ١٩ هەوڵەکانمان بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤ دووجا بکاتەوە. پەرچەکرداری کۆمەڵایەتیی لە بەرانبەر کۆڤید ١٩دا ملکەچیی و ملدان نییە، بەڵکوو تێهەڵکێشێکە لە تووڕەیی و ئومێد. کاتێک لە کۆمەڵی پێشمۆدێڕنی ئەورووپادا پەتایەکی گشتگیر بڵاو دەبوویەوە، خەڵک دەترسان بمرن و بۆ مەرگی خۆشەویستانیان دەساکان، لێ کاردانەوەی کۆمەڵایەتیی باو برتیی بوو لە ملکەچیی و ملدان، ڕەنگە ئەمە هەمان ئەو شتە بێت وا دەروونشیکاران بە «دەستەپاچەیی بۆماوەیی» ناودێری دەکەن، خەڵک وا دڵی خۆیان دەدایەوە کە ئەمە خواستی خوای لە سەر بووە- یان ڕەنگە تۆڵەی پەروەدگار بێ بەرانبەر تاوانی تاوانباران:

«پەروەردگار زاناترە، ئێمەی شەڕانگێز ئەم تۆڵەیەمان هەقە. جا ڕوون دەبێتەوە ئەم

کارە حیکمەتێکی تێدا بووە. مەساکێن، چاکەکاران لە بەهەشتدا پادداشتیان دەدرێتەوە. نەیگەرەک کاتمان بە خواردنی داودەرمانەوە بکوژین، پەروەردگار ئەم پەتایەی داباراندووە تا ڕاستمان بکات، ئەوانەی وا پێیان وایە مرۆڤ ڕایەی دەکەوێ بە داهێنانەکانی خۆی ئەم پەتایە ببەزێنێ، ئەوا تاوانێکی ترسناک دەخەنە پاڵ تاوانکارییەکانی تریان. ئێمە کێین تا بمانەوێ پلانەکانی پەروەردگار هەڵبوەشێنینەوە؟»

ئیمڕۆکە تێڕوانینێکی دووجەمسەریی پاوەجێیە، کاتێک هەندێ خەڵک بەهۆی کارەساتێکی وەک پێکدادانی شەمەندۆفێر و گڕگرتنی باڵاخانەی هەوربڕ و گێژاوێکەوە دەمرن، ئەوا ئەم کارە وەک کارەساتێک لێک دەدەینەوە کە دەکرێ بەری پێ بگیرێ نەک تۆڵەی خوایانە و بەڵای سرووشتیی بەرپێنەگیراو.

گەر کارگەی هێڵی ئاسن لە دەرماڵەی مەترسییدا بەرچاوتەنگ نەبا، گەر شارەوانیی ڕێکاری باشتری بۆ ئەگەری ئاگرکەوتنەوە ڕەچاو کردبا و گەر دەوڵەت خێراتر پێڕاگەشتبا، ئەو خەڵکە ڕزگاریان دەبوو؛ ئەم مەرگی بەکۆمەڵە لە سەتەی بیستویەکدا ڕێخۆشکەریی کردووە تا بەدواداچوون و لێپێچینەوەی یاساییشی لەبارەوە بکرێ.

تێڕوانینی ئێمە بۆ پەتاکانیش هەر ئاوایە، هەرچەندە هەندێ بانگەشە ئایینییەکان دەمودەست ئایدزیان بە تۆڵەی خوا لێک دایەوە بۆ هاوڕەگەزخوازان، لێ کۆمەڵی مۆدێرن میهرەبانانە ئەم تێڕوانینە شێتانەیەی بۆ پەراوێز هەڵدا. ئێستاکە بە زۆریی بڵاوبوونەوەی ئایدز و ئیبۆلا و نەخۆشییە جیهانگیرەکانی تر بۆ شپرێویی دامودەزگاکان دەگەڕێنینەوە. پێمان وایە مرۆڤ زانا و پرچەکە بۆ بنەبڕکردنی ئەم نەخۆشییانە. لەگەڵ ئەمەش گەر نەخۆشییەکی جیهانگیر بڵاو بێتەوە، ئەوە بۆ کەمتەرخەمیی بەرپرسان دەگەڕێتەوە، نەک تۆڵە و تووڕەیی خوا. کۆڤید نۆزدەش لەم ڕێسایە بەدەر نییە. هێشتانەکێش لە گێژی ئەم گێژاوە سەر بەگێژەدا گێژ ماوین، لێ هەریەکەو تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی ئەوی تر. وڵاتە جیاوازەکان یەکتری تاوانبار دەکەن، سیاسەتمەدارە دژەبەرەکان بەرپرسیارێتییەکە وەک نارنجۆکێکی ئەڵقەڕاکێشراو، بۆ یەکتری هەڵ دەدەن.

لێڵ توورپیی، ئومێدیش شەپۆلانێتی. پاڵەوانەکانمان ئەو کەشیشانە نین وا مردووان ئەسپەردەی خاک دەکەن و پاساو دادەتاشن- پاڵەوانەکانمان ئەو پزیشکانەن وا گیانی خەڵکیی ڕزگار دەدەن. شاپاڵەوانی ئێمە ئەو زانایانەن وا لە تاقیگەکاندا سەرقاڵن. ڕێک وەک سینەمادۆستان دەزانن، کە دواجار سپایدەرمان و ژنەسەیرەکە[3] چۆک بە چەوتکاران دادەهێنن و جیهان ڕزگار دەکەن؛ ئێمەش ئاوا دڵنیاین لە ماوەی چەند مانگ و ڕەنگە ساڵێکدا ئەوانەی تاقیگە دەرمانی کاریگەر و تەنانەت پێکوتەی کۆڤید نۆزدەش دەدۆزنەوە. ئەو کاتە بازووی خۆمان نیشانی ئەم ڤایرۆسە کلۆڵە دەدەین کە کێ سەردار و سالاری ئەم ئەستێرەیەیە! هەمووان: لە کۆشکی سپییەوە بۆ واڵستریت و باڵکۆنی مالانی ئیتالیا، دەپرسن: «کەی پێکوتەکە ئامادە دەبێ؟» چ کات. نەک «ئایا پێکوتەی ئاوایان پێ ئامادە دەکرێ؟»

هەنگێ پێکوتەکە جۆر کرا و ئەم پەتا سەرتاپاگیرە نەپەنیی بوو، مرۆڤایەتیی چ وانەیەک فێر دەبێ؟ بە ئەگەری زۆر، گەرەکە پتر بۆ سەلامەتی گیانی مرۆڤان تێ بکۆشین، دەبێ نەخۆشخانە و پزیشک و پەرەستاری زیاترمان هەبێ، دەبێت ئامێری هەناسەی دەستکرد و ڕووپۆشی خۆپارێزیی و پشکنەری زیاتر گل بدەینەوە، دەبێ سەرمایەیەکی زۆرتر بۆ دۆزینەوەوی هۆی پەتا نامۆکان و گلدانەوەی دەرمانی تازە تەرخان بکەین، نابێ جارێکی تر شەبەیخونمان لێ بکرێ.

لەوانەیە هەندێ بڵێن ئەم قسانە گەرەلاوژەن و گوایە دەبێت ئەم گێژاوە فێری خاکەڕاییمان بکات. بە قسەی ئەوان بێ ئێمە نابێ ئەوەندە متمانەمان بە توانای خۆمان هەبێت لە ڕامکردنی دەسەلاتی سرووشتدا، زۆربەی ئەم دژبەرانە وەک سەدەکانی ناوەڕاست بیر دەکەنەوە و داوای خاکەڕایی دەکەن، لێ بانگەشەی ئەوە دەکەن سەت لە سەت قسە قسەی ئەوانە. هەندێ خەڵکی دەمارگیر خۆیان پێ ناگیرێ- ئەو کەشیشەی وا هەفتەکۆڕی خوێندنەوەی پەڕتووکی پیرۆز بۆ کابینەکەی دەوڵەتی ترەمپ ڕێک دەخات، ئەم پەتایە بە تۆڵەی پەروەردگار دەزانێ بەهۆی هاوڕەگەزخوازانەوە. بەڵام ئەمڕۆ ڕابەرانی سونەتیش لەبری پەڕتووکی پیرۆز پشت

---

[3] Wonder woman

بە زانست دەبەستن.

کڵێسەی کاسۆلیک فەرمان بە پەیڕەوانی دەدات نەڕۆنە کڵێسە. ئیسرائیل کەنێشتەکانی داخستووە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش پێش لە ئامادەیی خەڵک لە مزگەوتان دەگرێ. پیر و دەستە جیاوازکان ڕێوڕەسمە گشتییەکانیان هەڵپەساردووە؛ هۆی گشت ئەمانە ئەوەیە کە زاناکان یەکودووی خۆیانیان کردووە و پێشنیاریان کردووە پەرەستگەکان دابخرێن.

مسۆگەر هەموو ئەوانەی وا گوایە لە لوتبەرزیی ڕاماندەچڵەکێنن، کۆنەپەرەستان نین. تەنانەت زاناکانیش هاوڕان کە دەبێت چاوەڕوانییەکی ژیرانەمان هەبێ، نەک کوێرانە پێمان وابێ پزیشکان دەتوانن لە چرنووکی گشت کارەساتەکانی ژین بمانپرێزن. لەکاتێکدا دەسەڵاتی کۆی مرۆڤایەتیی هەڵدەکشێ، لێ هێشتا هەندێ مرۆڤ لاوازن. ڕەنگە تا یەکدوو سەتەیەکی تر زانست تەمەنی مرۆڤ بە شێوەیەکی بێسنوور هەڵکشێنێ. بەڵام هێشتا کاری وا نەکردەنییە. هەڵاوێردەیەکی دیاریکراوی بەچکەملیاردێری لێ بترازێ، هەمووومان ڕۆژێک دەمرین و خۆشەویستانمان لەدەست دەدەین. دەبێ باوەڕ بە مردنمان بێنین.

سەردەمانێکی زۆر مرۆڤ ئایینی وەک چێوەیەکی بەرگریی بەکار دەهانی. پێی وابوو ژیانی دوایی نەبڕاوەیە، ئێستاش هەندێ جار زانست وەک چێوەیەکی بەرگریی جێگرەوە بەکار دەهێنێ و پێی وایە پزیشکان هەمیشە ژیانیان ڕزگار دەکەن و بۆ ئەبەد لە ئاپارتمانەنەکەی خۆیان لنگی لێ بڵاو دەکەنەوە، لێ پێویستمان بە بە تێڕوانینێکی میانڕەوانەیە. گەرەکە باوەڕمان وابێ کە زانست دەتوانێ پەتا سەرتاپاگیرەکان ببەزێنێ، لێ هاوکات دەبێت مل بۆ مردن و کۆتایی خۆشمان بخەوێنین.

لەوانەیە ئەم گێژاوە زۆرێک لەمەڕ براوەنەی ژیانی و دەستکەوتەکانی مرۆڤ ڕاچەنێنێ، لەگەڵ ئەمەش سەرپاکی ژیارییەکەمان مل بۆ ڕێیەکی نوێ هەڵدەگرێ، ئێستا کە ئەم ژیارییە پەی بە لاوازیی و شکستۆکیی خۆی بردووە؛ بە گرتنەبەری ڕێکاری پتەوتر پەرچەکردار دەنوێنێ

پاش نیشتنەوەی ئەم گێژاوە بە دووری دەزانم بڕەپارەی بەشەکانی فەلسەفە زیاد بکرێن، لێ گرەو دەکەم بڕەپارەی بەشە پزیشکییەکان و سیستەمەکانی چاودێریی تەندرووستیی لیپاولیپ هەڵدەکشێن.

ڕەنگە ئەمە باشترین شت بێت چاوەنواڕی بین، دەی دەوڵەتان تاقەتی فەلسەفەیان نییە؛ ئەمە چوارچێوەی کاری وان نییە، دەبێت دەوڵەتان چاودێریی گەشەپێدانی سیستەمە دەرمانییەکان بکەن. ئەوە ئەرکی تاکەکانە کە گەشە بە فەلسەفە بدەن. پزیشکان ناتوانن نهێنیی بوونمان بۆ هەڵبێنن، لێ دەتوانن کاتێکی زیاترمان بۆ گل بدەنەوە تا شانەخرێ لەگەڵ ئەم نهێنییەدا بکەین، ئیتر پەیوەندیی بە خۆمانەوە هەیە چی لەو کاتە دەکەین.

**یۆڤاڵ نوح هەراریی- יובל נח הררי:** نووسەرێکی ئیسرایلییە، خاوەنی هەرسێ پەڕتووکی: 'مرۆڤی ژیر' و 'مرۆڤەخوا' و 'بیستویەک وانە بۆ سەدەی بیستویەک'ە؛ پەڕتووکی یەکەم کارزان کاوسێن کردوویەتی بە کوردیی و دووەمیش وریا ئەحمەد. دەیان کۆڕی لە سەرانسەری ئەورووپادا گێڕاوە. گەنجە و لەپڕ وەک توێژەرێکی مرۆڤناسیی و لێکۆڵەری بواری تەکنەلۆژیا ناسرا. ئەم وتارەیم تایبەت بۆ پێگەی نێگەتیڤ وەرگێڕاوە. و، ک